سروە عوسمان:

# هەموو ئیرادەی نوستووم بە گەڕ خست و توانیم بە سەر شێرپەنجەدا زاڵ بم



سروە عوسمان مستەفا، خێزاندارە و دایکی دوو کچ و کوڕێکە، خۆی و هاوسەرەکەشی مامۆستان و، وەک خۆی باسی دەکات، لە ماوەی دە ساڵدا سێ جار رووبەڕووی نەخۆشیی شێرپەنجە بووەتەوە. ئەو خانمە دانیشتووی شاری هەولێرە و جگە لە مامۆستایی، هاوکات نووسەر و شاعیرو هەڵگری ناسناوی «سروەی بەیان»ـە، باسی چۆنیەتی زاڵبوونی بە سەر نەهامەتییەکانی ژیانیدا دەکات و، راشکاوانە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان دەداتەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سروە عوسمان مستەفا (سروەی بەیان)، لە دەستپێکی وتەکانیدا بەمجۆرە پێناسەی خۆی دەکات: «دایکی سێ منداڵم (دوو کچ و کوڕێك)، خۆم و هاوسەرەکەشم مامۆستاین و لە ژیانێکی مامناوەندی دەژین. کە باسی ژیانی خۆم دەکەم، نازانم لە کام نەهامەتییەوە دەستی پێ بکەم، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لەوەتەی خۆم دەناسم، خامەکەم ئەندێشەی نەبڕاوەی کچە کوردێك دەنووسێتەوە، دوای ئەوەش کە تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە هاتم، بوومە خامەیەکی ناودار و کەوتمە نووسینەوەی ناخی خۆم و هەموو ژنانی بەش مەینەت. جێی داخە هێندە دەردەسەریم دیوە، هەرگیز لەچەند دێڕێکدا کورت ناکرێتەوە، بەڵام بێگومان دەبێ لە هەوڵی بەردەوامیدا بین، چونکە ژیان بەردەوامە. ئێستا سروەی بەیان خاوەنی دوو کتێبی شیعریە و چەندین بەرهەمی دیکەی ئامادەیە بۆ چاپ.»

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە چۆن و کەی نەخۆشیی شێرپەنجە هێرشی بۆ هێنایت و ماوەی چەند ساڵ لە رووبەڕووبوونەوەیدا بوویت؟ دەڵێت: «ئەوەی راستی بێ، من لە ماوەی دە ساڵدا سێ جار رووبەڕووی ئەو دەردە نەگریسە بوومەوە، بەڵام وا دەژیم و بوومە یەکێك لەوانەی کە بە شێرە ژنی شێرپەنجە بەزێن ناو دەبرێم. پێش دەساڵ و لە کۆتایی ساڵی٢٠٠٩دا بوو، کاتێ هەستم کرد، گرێیەکی نامۆ لەژێر گۆی مەمکی چەپەم خۆی گرمۆڵە کردووە، بە زووترین کات لەگەڵ هاوسەرەکەم خۆم گەیاندە دکتۆرێکی تایبەت بە گرێ، ئەویش پشکنینی بۆ نووسیم. هەمان کات چوومە تاقیگە و پشکنینەکەیان بۆ ئەنجام دام، هەر لەو پشکنینە ترسناکە دڵم داخورپا و هەستم بە مەترسییەك کرد، چونکە جۆری پشکنینەکە وەرگرتنی نموونەی خانەیی بوو لە شوێنی گرێیەکە و ئازارێکی زۆری دام، دەبوو هەتا سبەی ئێوارەش چاوەڕێی ئەنجامی پشکنینەکە بکەم. ئەو کاتەی یەکەم زەنگی مەترسی لەسەر ژیانم لێی دا، ئەو ئێوارەیە بوو کە ئەنجامی پشکنینەکانم بردەوە بۆ لای دکتۆر و یەکسەر بێ هیچ پێشەکییەك وتی: پیسە و خانەی شێرپەنجەییە و دەبێت بە زووترین کات نەشتەرگەریت بۆ بکەم و لای بەرم. تۆ بڵێی لەو خەبەرە ناخۆشترم بیستبێ لە ژیانم؟ ئێستاش رقم لە گوێیەکانمە، چونکە هەواڵێکی ئەوتۆی پێ گەیاندم کە وەکو برووسکە کاسی کردم. بەسەر دنیاوە نەمام، کەوتبوومە خەیاڵاتی مردن و بەجێهێشتنی کوڕە تاقانە بچکۆلانەکەم، کە ئەو کاتە تەمەنی تەنیا چوار ساڵ بوو، کچەکانیشم لە تەمەنێکی هەستیاردا بوون، هەموویان پێویستیان بە دایك هەبوو. بیرم دەکردەوە چی بکەم؟ ترس و دڵەڕاوکێ و چارەنووسی نادیار هەموو لێم ببوونە دێوەزمە و مۆتەکەی ژیان؛ تاوێك دەگریام و، تاوێك مات و مەلوول بڕوام نەدەکرد، ئەوە منم دەردێکی ئاوا قورس بەرۆکی گرتووم. ئێوە دەزانن هەندێ دەرد تەنیا ناوی گەورە و ترسناکە، بەڵام کە دەچیتە ژێر باری ئیتر ئاسایی دەبێت، منیش چەند دکتۆرێکی دیکەم کرد بۆ دڵنیابوون و شێوازی چارەسەرەکە، دواتر دوای سێ رۆژ بڕیاری گەورەترین و مەترسیدارترین نەشتەگەریم دا، کە لە ژیانم کردبێتم. ئەوە یەکەم هەنگاو بوو بۆ چارەسەر. هەنگاوە ترسناکەکان دواتر دەستیان پێ کرد، ئەو کاتانەی تووشی چارەسەری کیمیایی و لێزەری بووم، بە راستی رۆژگارێکی یەکجار ناخۆش بوو، چونکە نەخۆشخانەکانمان پڕبوون لە تووشبووان بەو دەردە. ئەوەی ئازاری دەدام، کەموکوڕییەکانی نەخۆشخانە و شێوازی چارەسەر و بێ شوێنی بوو. نەخۆش دەبوو هەموو ژیانی لە نەخۆشخانە بەسەر ببات، تا چارەسەرەکان وەردەگرێت. دوای مانگێك لە نەشتەرگەری بە ناچاری چوومە وڵاتی ئەردەن بۆ دووبارە پشکنین و دڵنیابوون لە جۆری چارەسەری کیمیایی کە وەرم دەگرت، چونکە ئەو کاتە لە خەستەخانەکانی هەرێم ئامێری باشمان نەبوو. لەوێ دیسان هەموو پشکنینەکانم بۆ دووبارە کرایەوە لە خەستەخانەی خالیدی و خەستەخانەی حوسەین بۆ شێرپەنجە. نەشتەرگەریی دووەمم لەوێ بۆ ئەنجام درا لە رۆژی١١ی ئاداری ٢٠١٠ دواتر چارەسەرم بۆ دەستنیشان کرا و گەڕامەوە بۆ کوردستان، بەڵام کەوتمە هەوڵی ڤیزەوەرگرتن بۆ ئەڵمانیا لە ڕێگەی براکەم کە لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە. لەو ماوەیە تا کارەکانی ڤیزە و سەفەرم ڕێککەوت ٢٥ جەلسەی لیزەرم لە خەستەخانەی رزگاری وەرگرت، کە ناخۆشترین رۆژگارم لەوێ بەڕێ کرد. لەو کاتانە لەگەڵ ئەو نەخۆشانەی کە قژ بە سەریانەوە نەمابوو، لەگەڵ ئەوانەی رەنگیان هەڵبزڕکا بوو،

**لەوەتەی خۆم دەناسم، خامەکەم ئەندێشەی نەبڕاوەی کچە کوردێک دەنووسێتەوە**

**لە ماوەی دە ساڵدا سێ جار رووبەڕووی ئەو دەردە نەگریسە بوومەوە، بەڵام وا دەژیم و بوومە یەکێک لەوانەی کە بە شێرە ژنی شێرپەنجە بەزێن ناو دەبرێم**

**ئازیزترین بوونەوەر لە ژیانم کە دایکم بوو، بەو دەردە وەفاتی کرد. دایکم بە بەرچاومەوە دەپووکایەوە**

لەگەڵ ئەوانەی هێز لە لەشیاندا نەمابوو، لەسەر عارەبانە پاڵیان پێوە دەنان و...هتد. ئیتر دڵم ببوو بە پارچە خەڵووزێکی رەش. دواتر ڤیزەی وڵاتی ئەڵمانیام وەرگرت و بە دیداری خوشك و براكانم شاد بوومەوە. لەوێ چوومە خەستەخانەی شاری هانۆڤەر، دەستم بە چارەسەر كرد. نازانم چی بڵێم و چۆنی باس بكەم، دەربارەی جیاوازیی دكتۆر و خەستەخانە و كارمەندی وڵاتی ئەڵمانیا و ئەوانەی لای خۆمان، بە راستی ئێستاش دڵم بۆ تووشبووانی ئەو دەردە نەگریسە لەم كوردستانە بەپەرۆشە. هەرچەندە لەم چەند ساڵەی دوایی ئامێری باش و چارەسەری باش گەیشتە كوردستان، بەڵام خەڵك لەژێر فشارێكی گەورەی دەروونیدان، لە بێ دەرامەتی و بێ خزمەتی و كەمی و خراپی داودەرمان و چارەسەر. لە ساڵی ٢٠١٣ ئازیزترین بوونەوەر لە ژیانم كە دایكم بوو، بەو دەردە وەفاتی كرد. دایكم بە بەرچاومەوە دەپووكایەوە. بەداخەوە گەیشتبووە دواقۆناغ لەو نەخۆشییە، بۆیە بە كەمتر لە دوو مانگ گیانی سپارد. رۆحی شاد بێت، ئەو كارەساتە كاریگەریی خراپی لەسەر دەروونم دروست كرد و دوای چەند مانگێك دیسان دوچاری بوومەوە. ئەمجارە لە زێ (رەحم) وردە گرێ و كیسی ئاوی لەسەر هەردوو هێلكەدانەكانم پەیدا بوون و بوونە مایەی ترس و دڵەڕاوكێم. ئەمجارەش بە زووترین كات خۆم گەیاندەوە وڵاتی ئەڵمانیا. دیسان نەشتەرگەری و چارەسەری خێرا وای كرد ئەو دەردە ببێتە هەڵامەتێك لەلای من. كەوتمە گەڕان و گەشت بە وڵاتانی ئەوروپادا. دكتۆرەكەم پێشنیاری ئەوەی بۆ كردم، دەیزانی لە كۆمەڵگەیەكی پڕ دەردەسەرییەوە بارگەم تێكناوە، بە مەبەستی دووبارە ژیانكردن. لە ئەڵمانیا بۆ دووەم جار ژیانیان پێ بەخشیمەوە، ئەو وڵاتە بۆ من دووەم دایكمە، چونكە باوەشی میهر و خۆشەویستی و ژیانەوەی بۆ كردمەوە. لەوێ تێگەیشتم كە ئەم دەردە بە تۆزێ حەسانەوە و پشوودان و چارەسەر كۆتایی دێت. بەڵام دیسانەوە جارێكی دی لە ساڵی ٢٠١٩ ترسی ئەوەم لێ نیشت شێرپەنجە بەرۆكی گرتبم. غودەكانم سست بوون و لەكار كەوتبوون. سەردانی هەندێ پزیشكم كرد لێرە و هەندێ رێنماییان كردم، تا گەیشتمەوە وڵاتی ئەڵمانیا و چارەسەرم بۆ كرا، ئێستاش بەردەوام لەژێر چاودێریی پزیشكدام و چارەسەرم هەیە. بەڵام ژیانێكی زۆر ئاسایی بەسەر دەبەم. من تامی مردنم كردووە، بۆیە ئێستا ژیانم لە لا خۆشەویستتر بووە.»

كاتێك پەیامنێری گوڵان پرسیار دەكات: ئەو هێزە گەورەیەت لەكوێ هێنا، بۆ بەرەنگاربوونەوە و زاڵبوون بەسەر نەخۆشییەكەتدا؟ سروەی بەیان دەڵێت: «كاتێ جەستەم بەر شاڵاوی دەردی نەگریسی شێرپەنجە كەوت؛ بێ بەزەییانە هەرجارەو بە تیغێك دادڕیان كرد، تا رۆحیشم پارچە پارچە بوو؛ پارچەیەك نێژرا؛ پارچەیەك هەتیو؛ پارچەیەك سزادراو لە جەستەدا بەجێماو؛ فرمێسكە خوێناوییەكانی چاوی دایكم و خەم و پەژارەی باوكم و رەنگ زەردی و دڵەڕاوكێی خوشك و براكانم و سەرسوڕمانی جگەرگۆشەكانم لەم دەردە كتوپڕەی دایكیان؛ بێنازی و هەناسەی ساردی هاوسەرەكەم و روانینی ئازیزانم؛ هەموو ئەوانە لە ناخەوە هەژاندمی؛ نەمویست رێز و خۆشەویستیی هەموویان ببێتە بەزەیی و لەو گۆشەنیگایەوە لێم بڕوانن ـ ویستم پێیان بڵێم: دەمەوێ بۆ ئێوە بژیم. بۆیە هەموو ئیرادەی نوستووم بەگەڕخست و هەزاران هەزار نەفرەتم لە تەوێڵی ئەو قەدەرە كرد؛ هەزاران هەزار نەفرەتم لە دیداری مەرگ كرد؛ سوێندم بە پاكیی فرمێسكەكانی چاوی دایكم خوارد؛ كە بە هێز و ئیرادەوە هەردووكیان بنێژم (دەرد و مەرگ). بۆیە زۆر ئازایانە بەرەنگاری خانەی شێرپەنجەیی بوومەوە و بە ورەی بەرز و پۆڵایینەوە؛ بە خۆشەویستی و پشتگیری خێزان و براكانم و خۆشەویستیی هەمووان و دڵسۆزیی هاوڕێیان، توانیم زاڵ بم بەسەر ئەو پەتایەی ناوی نراوە شێرپەنجە.»

سروەی بەیان، كە خۆی بە «پاڵەوانێكی شێرپەنجە بەزێن» دەناسێنێت، چ پەیامێكی بۆ تووشبووانی شێرپەنجە هەیە و چییان پێ دەڵێت، بەتایبەت بە خانمانی تووشبوو؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا دەڵێت: «ئێستا من پاڵەوانێكی شێرپەنجە بەزێنم. ژنێكی مرۆڤدۆستم و یارمەتیی هەموو تووشبووان دەدەم. سەردانیان دەكەم. قسەیان بۆ دەكەم. لێرەوە دەنگم بەرز دەكەمەوە و بە هەموو تووشبووان دەڵێم و بەتایبەتی خانمان، پێویستە بزانن شێرپەنجە نەخۆشییەكە وەكو هەر نەخۆشییەكی دیكە چارەسەری هەیە و، هیچ ئەو مەترسیدارە نییە، كاتێ تۆ بڕیار دەدەیت، بیبەزێنی. تۆ گەورەترین هێز لە خۆتدا دەبینییەوە. ژیان جوانتر دەبینی، چونكە رووبەڕووی نەخۆشییەك دەبیتەوە، فێرت دەكات رێز لە مرۆڤبوونی خۆت بگریت. ئەگەر تووشبووی شێرپەنجە بە دەروونێكی فراوانەوە بەرەنگاری ببێتەوە، ئەو كاتە دەبینێت، ئەو نەخۆشییە نەگریسە چەند بچووكە لەچاو گەورەیی مرۆڤ، تەنیا هۆشیاری و دڵنیابوون لە تەندروستی بە پشكنینی بەردەوام زامنی ژیانێكی ئاسوودەیە. ئومێد دەكەم شێرپەنجە وەكو پەتایەك سەیر بكەن و نەهێڵن ژیانتان تێك بدات. ئێوە لە هەموو دەردێك گەورەترن. بە هیوای سەلامەتی و چاكبوونەوەی هەموو توشبووان. ژیان شایانە بۆی بجەنگیت.»


**لە ئەڵمانیا بۆ دووەم جار ژیانیان پێ بەخشیمەوە، ئەو وڵاتە بۆ من دووەم دایكمە، چونكە باوەشی میهر و خۆشەویستی و ژیانەوەی بۆ كردمەوە**

**ئێستا من پاڵەوانێكی شێرپەنجە بەزێنم. ژنێكی مرۆڤدۆستم و یارمەتیی هەموو تووشبووان دەدەم. سەردانیان دەكەم. قسەیان بۆ دەكەم**

**ئەگەر تووشبووی شێرپەنجە بە دەروونێكی فراوانەوە بەرەنگاری ببێتەوە، ئەو كاتە دەبینێت، ئەو نەخۆشییە نەگریسە چەند بچووكە لەچاو گەورەیی مرۆڤ**

### لە ساڵوەگەڕی ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان

# خانمان پێداگری لە سەر سەلماندنی تواناکانیان دەکەن

خەباتی ئافرەتان بۆ یەکسانی و کۆتاییهێنان بە چەوسانەوە، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا قۆناغی باشی بڕیوە، لە هەرێمی کوردستانیش وێڕای هەوڵە چڕ و پڕەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکان هێشتا بەشێک لە ئافرەتان قوربانی دەستی کولتوور و نەریتی کۆمەڵگەن، ئەگەرچی لە ئێستادا هەوڵەکانی خانمان بۆ دەستەبەری یەکسانی و گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان لە قۆناغی سەرەتاییدایە، بەڵام لە خەبات و تێکۆشانی بێ وچان بەردەوامن و قۆناغێکی سەختیان تێپەڕاندووە، لە ساڵهاتی ڕۆژی جیهانیی ئافرەتانیشدا ئافرەتان پێداگری لەسەر ماف و سەلماندنی تواناکانیان دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**دیاریکردنی ڕۆژی ٨ی مارس بە ڕۆژی ئافرەتانی کوردستان بە باش نازانم، چونکە ئێمەی ئافرەتانی کورد بۆنە و یادی زۆرمان هەیە، کە گوزارشت لە خۆمان وەکو کورد دەکات**

**لە وڵاتێکی وەکو کەنەدا خانمان بە کۆتا ڕێژەی ٥٠٪ی کورسییەکانی پەرلەمانیان هەیە، ئەوەش هەوڵێکە بۆ یەکسانکردنی ئەرک و ماف**

ڕۆشنا جەمال م. ئەمین مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ڕۆژی ٨ی مارس ڕۆژی بە جیهانیکردنی کەیسی ئافرەتانە و کێشەکانی تێکڕای ئافرەتانیش لەسەر گۆی زەوی لەیەك دەچن، هەر بۆیە خەبات و ئامانجی وەك یەکیان هەیە.» هاوکات دەڵێت: «من دیاریکردنی ڕۆژی ٨ی مارس بە ڕۆژی ئافرەتانی کوردستان بە باش نازانم، چونکە ئێمەی ئافرەتانی کورد بۆنە و یادی زۆرمان هەیە، کە گوزارشت لە خۆمان وەکو کورد دەکات، بۆیە پێم باشترە خانمانی کوردستان ڕۆژێکی تایبەت بە خۆیانیان هەبێت.» هاوکات جەخت لە سەر ئەوە کردەوە کە «ئافرەتی کورد لە بەڕێوەبردن و ناوەندی بڕیاردا پێگەیەکی زۆر لاوازی هەیە، لە کاتێکدا ٥٤٪ی دانیشتووانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە ئافرەتن، کەچی ڕەنگدانەوەی بەشداریی ئەو ڕێژەیە لە بەڕێوەبردنی سێکتەرەکانی حکومەتدا زۆر کەم و لاوازە.» نموونەشی بەوە هێنایەوە کە «لە وڵاتێکی وەکو کەنەدا خانمان بە کۆتا ڕێژەی ٥٠٪ی کورسییەکانی پەرلەمانیان هەیە، ئەوەش هەوڵێکە بۆ یەکسانکردنی ئەرك و ماف لە یەك کاتدا.» سەبارەت بە هۆکارەکانی لاوازیی پێگەی ئافرەتانیش گوتی: «هۆکار زۆرن بۆ دوورەپەرێزی و پەراوێزخستنی ئافرەتان لە ناوەندی بڕیاردا، لەوانە: بێ متمانەیی ئافرەت بە خۆی و بە تواناکانی و بێ ئاگابوون لە مافە سەرەتاییەکانی ژیانکردن، جگە لەوەش بەداخەوە زۆرجار ئافرەتان پشتی یەکتر ناگرن، بۆ ئەوەی هەموو بەربەستەکان بشکێنن، بمانەوێ و نەمانەوێ خانمان لەکاتی خەباتکردن بۆ چوونە پێشەوە بەربەست و ڕێگری زۆریان هەیە، ئەو ئافرەتانەش جێگەی ڕێز و تەقدیرن نەك ڕەخنەی ناڕەوا و لێدانی تیر و توانج، فاکتەرێکی دیکەش تێڕوانینی گشتی پیاوانە بۆ ئافرەت و تواناکانیان کە تێڕوانینێکی هەڵەیە، لە کاتێکدا خانمان بۆ گەیشتن بە پۆستە گرنگەکان قوربانی زۆر دەدەن. هەروەها تێڕوانین لە دیدی نەریت و کولتوور و ئایینەوە فاکتەرێکی دیکەیە و، بەداخەوە هەندێك لە مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی پێیانوایە ئازادبوونی ئافرەت و کارکردنی پێویست نییە، لە کاتێکدا ئافرەت لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلامدا زۆر گەورە و بەڕێز بووە و کاری بازرگانیشی لەگەڵ پیاواندا کردووە. حزبە کوردییەکان بەربەستێکی دیکەی بەردەم پێشکەوتنی خانمانن و ئەوان لە ڕێگەی مەحسوبییەت پلە و پۆست دابەش دەکەن، ئەوانەش کە هیچ پشتیوانییەکی حزبییان نییە، زۆر بە زەحمەت دەتوانن بێنە پێشەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا زۆرجار ئافرەتان ڕووبەڕووی گێچەڵی سێکسی دەبنەوە، بۆیە زۆر پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو جۆرە گێچەڵانە پشتگیری ئافرەتان بکرێت.»

ڤیان مەحموود زامدار، بەڕێوەبەری پێشکەوتوو لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕایوایە : «چەمکی پێشکەوتن مانایەکی دیاریکراو و دەستنیشانکراوی نییە، بەپێی جیاوازیی کەسەکان ناوەڕۆکی واتایی چەمکی پێشکەوتن دەگۆڕێت. لە خانمێکەوە بۆ خانمێکی دیکە تێگەیشتن و دیدەکان جیاوازن سەبارەت بە پێشڤەچوون و هەنگاونان بەرەو ئامانج. هەر تاکێك بەپێی ویست و پێداویستییەکانی خۆی مانا دەدات بە شتەکان. هەر بۆیە پێشکەوتن کلیلی نییە، بەڵام بنەما و زەمینەی هەیە.» گوتیشی: «باشتربوونی دۆخی گشتیی خانمان، لە سەرجەم بوار و کایەکاندا لەوەوە دەست پێ دەکات، کە بۆ کار و پێگە دەرفەتی یەکسانیان هەبێت، دوور لە جیاکاریی جێندەری. بە شێوەیەکی گشتیش، دەبێت تێڕوانینی دەستەجەمعیی کۆمەڵگە بە ڕاددەیەك بکرێتەوە کە لەو جوغزە تڕادیشناڵییە کلاسیکییە دەرچێت کە پێیوایە دەنگی مێیینە نەشازە. کرانەوەی کۆمەڵگە و ئاشنابوونی تاکەکانی بە هۆشیاریی سەردەم و ئەو پێشکەوتنە مەزنەی لە بواری مافەکانی مرۆڤ و بێزاندنی جیاکارییەکان بەرامبەر خانمان، لە پڕاکتیزەکردنی ئیرادەی مێیینەدا پێوەرێکی جەوهەرییە.» جەختی لەوەش کردەوە کە «تاوەکو کۆمەڵگە بە رووی دنیادا نەکرێتەوە، بەقوربانیکردنی خانمان و تواناکانیان بەردەوام دەبێت. لەلایەکی دیکەیشەوە، خانمان کە خودان دۆز و داواکاریی ڕەوان، پێویستە کاربکەن لەپێناو خۆبونیاتنانەوە و خودناسیدا. ئەگەر خانمان خوازیار بن لە سەکۆکان دەنگ هەڵبڕن، پێویستە گوتارێکی یەکانگیر و روون گەڵاڵە بکەن. لە ڕووی ئەکادیمیش، خانمان لە بەرزترین ئاستی ئەکادیمیدا کادیر و پسپۆڕیان هەیە، بەڵام بەگەڕخستنی ئەو لێهاتوویی و توانستانە، لەلایەکەوە دەرفەتی دەرکەوتنی دەوێت، لەلایەکی دیکەیشەوە، پێویستی



بە لەخۆبوردەیی و بوێرییەکی زۆری خانمان هەیە.»

مینا سامی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ساڵانە لە ٨ی مارس خانمانی جیهان یادی رۆژی جیهانیی ئافرەتان دەکەنەوە و، کۆمەڵێك چالاکی ئەنجام دەدرێت بەو بونەیەوە و، وەکو نەریتێکی ژنانە باس لەو دەستکەوتانە دەکەن کە لە ئەنجامی خەبات و ماندوویەتی رێکخراوەکانی ئافرەتان بە دەست هاتووە و ئەوانەی لە چوارچێوەی یاسا بۆ ئافرەتان فەراهەم کراوە، بەڵام بە ئێستاشەوە ئەو مافانەی کە لە وڵاتانی جیهانی هەیە و بۆ ئافرەت بەدیهاتوون، سەرجەمیان لە یەك ئاست نین، بگرە جیاوازییەکی زۆری تێدایە و هەر وڵاتێك و هەر گرووپێك، بەپێی پێکهاتەی سرووشتی و کومەڵایەتی و ئاستی رۆشنبیریی خۆیان چەند قۆناغێکیان بڕیوە لەم بارەوە.» گوتیشی: «زۆربەی گەلانی جیهان بە حکومەتەکانیشیانەوە هەمیشە بەوە دەنازن کە چەندە مافی ئافرەتان لە وڵاتەکانیان دەستەبەر بووە و، چەندە ئافرەت لە کەرتەکانی ناو ژیان و حوکمڕانی و سیاسەت بەشدارن.» مینا سامی لە درێژەی وتەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە «کومەڵگەی نیودەوڵەتی لەوە تێگەیشتوون، پێوەری پێشکەوتن سەرکەوتوویی و رۆشنبیری و پێگەیشتنی هەر کۆمەڵگە و گرووپ و دەوڵەتێك دەگەرێتەوە بۆ پێگەی ئافرەتان لە ناو ئەو کومەڵگایە. ئەو وڵاتانەی کە کار دەکەن بۆ بەرەوپێشچوونی خۆیان و سەرخستنی ناوی وڵاتەکەیان، هەمیشە باشترین تێگەیشتنیان هەیە بۆ دۆخی ئافرەتان لە گشت بوارە جیاکاندا، میللەتی کوردیش بە گشتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی هەوڵی جددییان لەو بوارەدا داوە. بەڵام پێویستە حکومەتی هەرێم و رێکخراوەکانی مافی ئافرەت کاری جددیتر لەسەر بەشداریکردنی فیعلی ئافرەتان لە بوارە جیاوازەکاندا بکەن. چونکە تاقە زامن بۆ مافی گەلی کورد و سەرکەوتنی نەتەوەیی بەشداریی ئافرەتانە و برەودان بە تواناکانیانە، تاکو میللەتی کورد و حکومەتی کوردستان لە بەرەوپێش چوون و پێشکەوتنە جیهانییەکان دانەبڕێن.»

لەیلا عەلی قوتابی زانکۆیە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە دوای رزگاریی باشووری کوردستان، ئێمە بەردەوام بە دروشم و جاربەجار بە یادکردنەوە ئەم بۆنانەی کە تایبەتن بە ئافرەتان وەك رۆژی جیهانیی ٨ی مارس، هەوڵمان داوە داوای مافەکانی خۆمان بکەین، بەڵام ئاکامەکانی وەك پێویست نەبووە، لە بەرئەوەی کارەکتەرەکانی ناو کۆمەڵگە و حزبە کوردستانییەکان کە رۆڵی گەورەی تێدا دەبینن، هەر هەموویان زادەی کۆمەڵگەیەکی باوکسالارین.» گوتیشی: «خەباتی یەکسانیخوازی رەگەزی تەنیا بە یادکردنەوەی رۆژێك، یان بۆنەیەك، ناتوانێت گشت ئامانجەکانی بپێکێت، بەڵکو رچەشکێنی و کاری خۆبەخشانە و قوربانیدانی پێویستە هەتا ئەو بەها مرۆڤایەتییانە دەستەبەر بکات.» جەختی لەوەش کردەوە کە «سیستمی پەروەردە لە وڵاتانی نەریتیدا بە زەقی لەژێر پرسیاردایە، لە بەر ئەوەی لە دیالۆگی ناو کتێبەکانیان بایەخ بە یەکسانی رەگەزی نەدراوە، بۆیە پیاو بە سەرپەرشتی ماڵ و نانهێنەر دەناسرێت، ئافرەتیش تەنیا وەك دایك و هاوسەرێکی باش پێناسە دەکرێت.»

لە کۆتایی ئەم راپۆرتەدا بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەر پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، خۆپیشاندانە گەورەکەی ئافرەتانی کرێکاری کارخانەیەکی رستن و چنین لە (نیویۆرك)ی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٥٧ی زایینی بە مەبەستی زیادکردنی حەقدەست و کەمکردنەوەی ماوەی کار، رووبەڕووی هێرشی هێزەکانی پۆلیس بوونەوە و، بووە هۆی کوژران و بریندار بوونی ژمارەیەك لە خۆپیشاندەران، ئەوەش بووە هەوێنی دەستنیشانکردنی رۆژێکی جیهانی بۆ ئافرەتان کە دواتر لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی لە شاری (کۆپینهاگن)ی دانیمارك دووەمین کۆنفرانسی ژنانی سۆسیالست بەڕێوەچوو، کە لەوێ (کلارا زتکین) یەکێك لە رێبەرانی ناسراوی حزبی سۆسیالیستی ئەڵمانیا لەسەر دیاریکردنی رۆژی جیهانی ئافرەتان دوا و پێشنیاری کرد، ٨ی مارس وەکو رۆژی جیهانیی ئافرەت بناسرێت. ئەگەرچی ئافرەتانی نەمسا پێشتر رۆژی ١ی مانگی مەی و ئافرەتانی (ئەڵمانیا)ش رۆژی ١٩ی (مارس)یان پێشنیار کردبوو، ئافرەتانی (ڕووسیا)ش لە ئاخرین یەك شەممەی مانگی فێبریوەری ١٩١٧ی زایینی بە دروشمی (ئاشتی و ئافرەت) دەستیان دایە مانگرتن، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە رێبەرانی سیاسیی ئەوکاتی رووسیا ئەو مانگرتنەیان بە ناڕەوا دەزانی، بەڵام ئافرەتان سوور بوون لەسەر مانگرتن بۆ داواکارییەکانی خۆیان و دوای چوار رۆژ دەوڵەتی تزار ناچار بوو واز لە دەسەڵات بهێنێت. بەڵام کلارا زتکین بۆ جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٢١ی زایینی دوای ١١ساڵ دیسان پێشنیاری کرد، ٨ی مارس وەك رۆژی جیهانیی ئافرەتان دیاری بکرێ، پێشنیارەکەی پەسند کرا و ئەم رۆژە وەك رۆژی ئافرەتان لە مێژوودا دیاری کرا.

**دەبێت تێڕوانینی دەستەجەمعیی کۆمەڵگە بە رادەیەک بکرێتەوە کە لەو جوغزە تڕادیشناڵییە کلاسیکییە دەرچێت کە پێیوایە دەنگی مێیینە نەشازە**

**خانمان کە خودان دۆز و داواکاریی رەوان، پێویستە کاربکەن لە پێناو خۆبونیاتنانەوە و خودناسیدا.
ئەگەر خانمان خوازیار بن لە سەکۆکان دەنگ هەڵبڕن، پێویستە گوتارێکی یەکانگیر و روون گەڵاڵە بکەن**

**خانمان لە بەرزترین ئاستی ئەکادیمیدا کادیر و پسپۆڕیان هەیە، بەڵام بەگەڕخستنی ئەو لێهاتوویی و توانستانە، لەلایەکەوە دەرفەتی دەرکەوتنی دەوێت، لەلایەکی دیکەیشەوە، پێویستی بە لەخۆبوردەیی و بوێرییەکی زۆری خانمان هەیە**